کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 13:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هاولاتی هەواڵی نادروست بڵاو دەکاتەوە ... بەکرئەحمەد

دوور نیە برادەرانی رۆژنامەی هاولاتی بەم ستایلەی کە لای خەڵکی سادەو نیمچە خوێندەوار ناوی دەرکردووە پێیان وابێ پێشەنگن لە بوارەکەیان، کە کاری رۆژنامەنوسیە. بێگومان ئەم رۆژنامەیە ئەگەرچی تەمەنێکی کورتی لە رۆژنامەگەری کوردیدا هەیە و بەم هەواڵە وروژێنەر و شەڕئامێز و نائەکادیمیانەیان کە کردویانە بە هۆکارێك بۆ ئامانجی دیاریکراوی خۆیان، کە بە دڵنیاییەوە لە میانەیدا شێواندن و ناشیرینکردنی رووی راستی هەندێ لە دیاردە و رووداوە کت و پڕەکانە بە تایبەتی، بەوەی کە گوایە دەسپێشخەر خۆ دەنوێنن لە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی پەیامەکەیان و زۆری ڕووداوە گشتیەکانی تر.

من لێرەدا دەخوازم زۆر بە کورتی ئاماژە بە نمونەیەك بکەم کە بە هەواڵێك لە بەرواری 2006/12/20 بڵاوکراوەتەوە و بەشێکی کورتی دەخەمە ڕوو کە لە بەشی کۆتایی هەواڵەکەدا هاتووە (من حەز ناکەم سەرۆك و ئێوە نیگەران ببن، بیانویەك بۆ لەغو کردنەوەی کۆڕەکە دەهێنمەوە) . بێگومان خوێنەر کاتی ئەم هەواڵە دەخوێنێتەوە ئەگەر زۆر لێی ورد نەبێتەوە وا دەزانێت کە خودی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی ئەم لێدوانەی بۆ ئەوان داوە و پێی ڕاگەیاندون من بەم جۆرە قسە لەگەڵ سەرکردایەتی حزبەکەم دەکەم. لە کاتێکدا ئەم هەواڵە زۆر دوورە لە راستی و بوختان هەڵبەستنە بە دەمی کاکەیی و خوێندنەوەیەکی کوێرانەی زۆر بە درەنگەوەیە لە لایەن ستافی هاولاتیەوە بۆ ئەو ڕووداوەی کە هەرگیز لە لایەن ئەوەوە بە فەرمی ڕەتکردنەوەیەك تا بەر لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە نەبووە. کەواتە رۆژنامەی ناوبراو دەبوایە لانی کەم بۆ میسداقیەتی هەواڵەکە ناڵێم رۆژنامەکە چونکە دەگمەنن ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە بە رووە ئەکادیمیەکەی سەرچاوەکانیان ئاماژە پێکرابن، هەموو ئەو داوایانەی کە لە دادگاکانی کوردستان کەم یان زۆر رووبەڕوویان دەبێتەوە هۆکارەکەی ئەو ناڕاستگۆیی و تانەو تەشەردانەیە لە کەسایەتی و لایەنەکان.

لە هەمووی سەیر تر هەر لەم هەواڵەدا بەر لەوەی ئەم دێڕەی کە بڵاوکراوەتەوە بخرێتەڕوو دەقی هەواڵەکە باس لەو حیوارە دەکات کە دەربارەی دواخستنی یان بە یەکجاری راگرتنی ئەو کۆڕەی کە دەبوایە بۆ فەلەکەدین کاکەیی سازبدرێت دەکات کە لە نێوان کاکەیی ومەسرور بارزانیدا بووە. سەیر لەوەدایە رۆژنامەی ناوبراو وەکو ئەوەی کەرامەتیان هەبێ لکاتێکدا شتێکی لەم جۆرە وجودی نییە. لەواقیعدا بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك بێ ئاماژەکردن بەسەرچاوەکە هیچ راستیەك ناگەیەنێ و لە دونیای رۆژنامەگەریشدا جێگای نابێتەوە، هەر قسەکردنێکیش بەناوی کەسێك یان کە سایەتیەکی (سیاسی، ڕۆشنبیر، بازرگان... هتد) گەر کەسەکە خۆی راستەوخۆ لێدوانێکی تایبەتی نەدابێت تاوانێکە لەو تاوانانەی کە رۆژنامەنووس و رۆژنامەکەشی پێ دەخرێتە خانەی تاوانکارییەوە.

مانشێت یەکێ لە بارزترین ئەو ڕەگەزانەیە کە رۆژنامەکە لە خۆی دەگرێت، بۆیە دەکرێ هەندێ جار لێرەو لەوێ پاساو بۆ ئەو هەڵەو کەموکوڕیانەی لە دەقی هەواڵ یان بابەتێکی نێو رۆژنامەکە بهێنرێتەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی مانشێت تەرکیزی زیاتری لەسەر دەکرێ کە سێکی تایبەت کە پێویست دەکات تەنها کاری مانشێت نووسین بێت، بینووسێت یاخود بەڕێوبەرو سەرنووسەر خۆیان لێی بەرپرسن، کەچی مانشێتی ئەم هەواڵە بڕیارێك دەخاتە ڕوو کە ڕاستیەکی لە خۆ نەگرتووە، چونکە بارزانی هیچ گوتەو فرمانێکی لەم بارەوە نەبووە تاوەکو هاولاتی بیکات بەمانشێت و بڵاوی بکاتەوە. لەکۆتایی ئەم چەند دێڕە بە هاولاتی و ئەوانی تریش دەڵێم سەرقافڵەیی بوونتان بەم ستایلەی ئێستاتانەوە زۆرتر دوورتان دەخاتەوە لە گواستنەوەی واقیعێك کە بخوازن جەماوەرێکی پێ ئاشنا کەن.

**em babete le 21 mangewe bo hawlati xoyanm nardbu، bedaxewe selmandiyan rexne lexo nagrn، swpas bo blaw kirdnewei**